Cultureel Centrum Koerden
Den Haag

مەڵبەندی کلتووریی کورد
لە دەنهاخ

بانگهێشتنامە

# سێمپۆسیەم لەسەر ڕەفتارکردن و جیاوازیکردن

Discrimination

له ساڵانی ڕابوردودا بۆچون وئاراسته جیاوازەکان لەمەر کۆمەڵگا بونەته زەمینەی نوێکردنەوەی باس ولێدوانی کۆمەڵایەتی لەسەر چەمکەکانی یەکسانی لەبەردەم یاسا و یەکسانیبون و هاوڕەگەزی له کۆمەڵگای هەمه کەلتووردا.
بەم شێوەیەش تا ئەمڕۆش باس ولێدوان بەردەوامە لەسەر بەکارهێنانی حجابی سەر لەلایەن ژنه موسڵمانەکانەوە.
لەلایەکەوە ئەم لێدوان وگفتوگۆکردنە لەمەر ئەم بابەته پرسیارێکی خستۆته ئاراوە وئەویش ئایا ئەم دیاردەیە نیشانەی دواکەوتنی پرۆسەی یەکسانیبونە وفاکتەرێکی ڕێگرە لەبەردەم پرۆسەی خۆگونجاندن؟ لەلایەکی تریشەوە قەدەغەکردنی حجابی سەر وەك جیاوازیکردن دەبینرێت لەسەر بنەمای ئایین وباوەر.
هەروەها بەکارهێنانی حجابی سەر لەلایەن چەند ژنی موسڵمانەوە دەربڕی یەکسانیە، چونکە ئازادی ڕەفتارکردنیان بێدەبەخشێت بەپێڕەوکردنی ئایین وباوەڕی خۆیان.
لەگەڵ ئەمەشدا چەمکی ڕادیکاڵی بون بابەتێکی تری باس ولێدوانی کۆمەڵایەتیە کە لەماوەی دواییدا پانتاییەکی گەورەی گفتوگۆی ناو کۆمەڵگای داگیرکردوە.

له سیمپۆسیەمی جیاوازیکردندا ئەم بابەتانە دێنە باسکردن:

- یاسا وجیاوازیکردن،
- ئەگەرەکانی ڕەفتارکردن لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا،
- ئەزموونی میوانەکان،
- ئامۆژکاری وئەگەرەکانی تری ڕێکخرا و ودەزگاکانی پەیوەندیدار.

بۆ ئەم مەبەستە هەردوو بەڕێزان خاتو سومەیە خەمیری و خاتو تانی پسپۆڕان لەو بوارەدا ئامادە دەبن.

مەڵبەندی کلتووری کورد لەشاری دەنهاخ، بەخێرهاتنتان دەکات بۆ بابەتێکی گرنگ و هەستیار کە پەیوەندی بە زۆرینەی بوارەکانی ژیانەوە هەیە لە وڵاتی هۆڵەند، هوشیاری و بیروڕاتان و بەدواداچونتان هەمەلایەنە سودمەنددەبن.
ناونیشان:
نهۆمی هەشتەم 1e van der kunstraat 292/8h
2521 AV Den Haag

ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی 2009-11-29 ، سەعات 14.00 ی پاشنیوەڕۆ

تێبینی: دوای تەواو بوونی کۆڕەکە خواردن و خواردنەوە ئامادە دەبێت.

مەڵبەندی کلتووری کورد لەشاری دەنهاخ

CCk,postbus 91615, 2509 EE Den Haag
Girorekeing: 7236453, CCK- Den Haag KvK: 40413436
E-mail: cck.denhaag@gmail.com
Tel.Fax. 070-3220088
Mobiel: 06-52351910